www.kurdistannet.org
4-11-2005 14:22 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کەرکوك

## بازووی کەرکوکیانە ستەمی مێژووی راست دەکاتەوە!. .. کاوێزمەلاپەروێز

کارەسات ئەوە نیە کە لە گوێی گادا نوستبین لی ئەوە بەڵایە وەئاگانەینەوە!.

لە پرۆسەی بەناو ئازادیەوە ئێمە مەرخەی خەومان دی بی ئاگا لەوەی چی دەگوزری هەنوکەش وەئاگا نەهاتوینەتەوە، کوردانی کەرکوك لە جیی ئەوەی بگەرێنەوە بۆ شارەکەیان کەرکوك بەجی دێلن بی ئەوەی دەسەڵاتی کوردستان لە هۆکاری ئەو کۆچەی کۆلیبێتەوە تۆمەتی خیانەتیان دەخاتە پاڵ، لە هەوالێك و ئەسفێك زیاتر بۆ ئەو عەرەبانەی کە حکومەتەکەی جافەری و کورد لە بغداوە خەلکی عەرەب بۆ کەرکوك بە پارەوە دەنێرنەوە هیچ شتێکی پێویست بۆ بەرگرتن لەو خەلکە عەرەبە نەگیرا؟!.

بەرێز پارێزگار هەمیشە ناڵەی بوە بە دەست وەزارەتەکانی بەغداوە کە بەردەوام عەرەب دادەەزرێنن و بۆ کەرکوکی دەنێرنەوە کەس نەبوو کاری چەوتی جافەری سەرۆك وەزیری حکومەتەکەمان راستکاتەوە؟!. .

دوا هەواڵ کە راگەیاندراوە ژمارەیەکی زۆری عەرەب لە وەزارەتی پەروەردەووەتەندروستی و وەزارەتەکانی تری حکومەتی بەغدا دامەزراون و بەرەو کەرکوك بوونەتەوە گوایە بریاریشە لیژنەی ئاسایی کردنەوەی کەرکوك بە سەرۆکایەتی بەرێز حەمید مجید موسا بکەوێتە کار هیچ دیار نیە تەنی خۆش خەیالی کوردە بۆ دەستبەکاربوونی ئەو لیژنەیە؟!.

زۆر لە بەرپرسانی پۆلیسی ئەم شارە دادوبێدادیانە لە دەستی دادوەرەکانی دادگای کەرکوك کە عەرەبن و بەئاشکرا پشتیوانی لە تیرۆرستانی دەسگیرکراو دەکەن وسووك وئاسان ئازادیان دەکەن کەس بە هانی ناڵەی پۆلیسەوە ناروات وزاتی ئەوەش ناکەین بە دادوەری ناداد بێژین بەری چاوت کلی پێوەیە؟!.

هەر سەبارەت بە دادوەرەکانی شاری کەرکوك سەرچاوەکانی هەواڵ ئەوە دەسلمێنن کە ناردنی دادوەری عەرەب بۆ کەرکوك لە چوارچێوەی بەرنامەیکی شۆفێنیدایەو بەردەوامە سەیریش لەوەدایە رێگا بە دادوەری کوردی کەرکوکیش نادری بێتە کەرکوك خزمەت بکات!؟. .

دەرئەنجام بەر بە هاتنی عەرەب نەگێرێت رۆلەکانی ئەم شارە دەبی خۆین بدەن لە پێناو ئازادیان، کە رۆژدوای رۆژ ئەو راستیە بۆ ئەهلی ئەم شارە دەسلمی کە دەبی بە بازوی کەرکوکیانە ستەمی مێژوو راست کەینەوە بۆیە ئەوەی پێویستە دەبی کەرکوکێکان بۆ خۆیان بە دوای چارەسەری مەینەتی و بەدبەختیان بگەرێن کە ئەز چارەسەر هەندی جارو کات لە گۆرز وەشاندن دەبینمەوە بەم شێوەیە:

- وەك زانراوە ئەو ماڵە عەرەبانە بە ئاسماندا نایەن بەو رێگایانە دێنە کەرکوك کە دیارن لە زۆر شوێن کورد دەتوانی رێان لی بگرێت کەسیان لی نەکوژی بەلکو ئاگر لەسیارەو کەلوپەلیان وەربدەی چەند کارێکی وا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو پرۆسەیە سەر لەبەر هەڵوەشێنیتەوە کەسیش جورئەتی ئەوە ناکات بێتەوە.

- دەکری ئەو دادوەرانە ترس و خۆف بخرێتە دلیانەوە کە نەتوانن کاری خۆیان ئەنجام بدەن وناچار بەگەرانەوە بکرێن بۆ ئەو شارانەی کە لێوەی هاتون بگەرێنەوە. دەزانن لە ساڵانی هەفتای سەدەی رابردوو کوردی ئەم شارە هەندە جەربەزە بوە کاغەزی هەرەشەی لە جامی سیارەی بەرێوەبەری ئەمنی کەرکوك داوە ئەمێستا دۆشداماوە؟!. .

K_mlaprwez@yahoo. com